لە پراوێزی شێی موسڵدا، پێکدادانی پکک و پارتی لە شنگال ... هیوا خۆشناو

شێکی شیمانەکراوی نێوان پکک و پدک لە شنگال کە نێچیروان بارزانی یەکەمین کەس بانگی بۆ ئەدا، لە ڕاستیدا بڕ لەوێی شێی دو بلۆکی ئەدەلەژی و سیاسی کوردی بۆ، بەشکۆ لە شێی سوننی – شیعە لەسەر موسڵ.
پارتی و پکک لە ساڵانی ١٩٩٠ەوە تا ئێستا شێیانە لەسەر سەرکردایەتی کردنی کوردستان. ئەو دو ڕێکخراوە کە هەردووکیان زمانی هەرچواربەشی کوردستان دەزانن، خێکی هەرچواربەشی کوردستانیان لەگەڵدایە، سنورێ کەمایەتیکانیان قوئێبنەوە بە سەرجەم شارو دەهاتکانی بەشکانی کوردستان و لەسەرجەم بەشکاندا ڕێکخراو و گروپی جڕبەجڕیان هەیە، هەڵە نەدەوێتی و هەڵمیکان حیسابیان لەسەر دەکەن.

شنگال دەکەوێتە سنوری موسڵ و ڕۆژئاوا. ئەزیدیکانی شنگال دوای ڕوخانی ڕژمی سەددام ساڵی ٢٠٠٣ کەوتنە ژێر دەستاتی پارتی دیموکراتی کوردستان. ئەگەرچی لە کاتی شێی دووەمی کەنداودا پکک لە ڕێگای ئەزیدیکانی ماردین و دەرکی ڕۆژئاوا و کادرێ ئەزیدیکانی، دەستی وەردا ناو شنگال و پێگەیکی جماوەری باشی هەبوو، بەڵام بەهەی ترسیان لە ئەمریکا لەلایک و دوای ئەوێی گروپکی گەورێ بە سەرکردایەتی نیزامەدین تاش "بەتان" و عوسمان ئەجالان "فەرهاد" لە پکک جیابونەوە و قەندیلیان بەخیانەوە خەریک کرد لە لایکەی دیکە، لە هەمووشی گرینگتر پێوەندی قەندیل و قەڵاچوالان زێر خۆش نەبو، ئەو پارتە پێویستی بە پارتی هەبو و ئەزیدیکانی بە ئەوان بڕێ هەشت. پارتی لەوکاتەوە تا هاتنی داعش لە ڕێگای سیاسەتی نەریتیکانی تایبەت بە کەمینکان کە بریتیە لە کەین و بەدنگکردن، کاریگەری ڕۆهای لەسەر ئەزیدیکانی شنگال دانا و لە ڕێگای ئەوانەوە قورسایی خۆی لەسەر پارلمانی عێراق و شاری موسڵ کە دیواری سوننکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پردی پێوەندی نێوان شیعەکانی سوریا، لوبنان، عێراق و ئێرانێ پکدەنێ دروست کرد، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٤ دا داعش لەی تکدا.

هەڵکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە مانگی ئابی ٢٠١٤دا

شەنگالیان چەکرد و چەند گەریلایەکی هێزەکانی پاراستنی گەل HPG و یەکینەکانی پاراستنی گەل YPGی نزیک لە پارتی کرێکارانی کوردستان لە چیای شەنگال وبەروی داعش وەستانەوە و یارمەتی ئەزیدیەکانیان دا. دوای ئەوە پارتی کرێکارانی کوردستان یارمەتی ئەزیدیەکانی دا تاکو سوپایەکی خۆیان سازبکەن و بەشێکی زۆر لە ئەزیدیەکانی ڕزگەکستن، ئەوەش ناکۆکی نێوان پکک و پدک ی قووتر کرد.

دوای ئەوەی لە ٢٤ی مانگی ئاب ٢٠١٦ دا سوپای تورکیا هێرشی قووغانی فوراتی ڕاگەیاند و پێلاماری شاری جەرابلوسی سوریای داو داگیری کرد، ئەنجومەنی ئاسایشی تورکیا ناسراو بە MGK لە کۆبونەوەیەکی تایبەتی خۆیدا، ستراتیژی بەرگریکردن لە تورکیای داڕشت. بەپێی ئەو ستراتژیە تورکیا لە ژێرناوی هەبونی گروپە نیارەکانی، بەی هێزە پێلاماری سەرجەم ئەو شوێنانە بدات کە نیارەکانی لە جێنشین کراون. دوای ئەوە تورکیا هەوڵکی زۆریدا کە دەستوەردان لە شاری موسڵ بکات، بەڵام ئێران، عێراق و ئەمریکا پشتگیریان لێ نەکرد. لێوکاتەوە تا ئێستا پارتی زۆر بە جدی و پێداگریەوە داوا لە پکک دەکات شەنگال چۆڵ بکات، بەڵام حکومەتی عێراق، سوپای عێراق و حەشدی شەعبی، هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و سەرجەم هێزەکانی دیکەی کوردستان کێشەیکیان لەگەڵ هەبوونی پکک لە شەنگالدا نیە و حکومەتی عێراقیش پەیوەندیەکی خۆشی لەگەڵ ئەو هێزانەدا هەیە و پشتگیریان لە دەکات. ئەگەرچی جیاوازیەکی ستراتیژی، فکری و سیاسی زۆریش لە نێوان پکک و ئەو هێزە هەرەمیانەدا هەبە، لەبەر ئەوەی لە سەبەری وڵاتانی سوننە گەمارۆکەن، هەبوونی ئەوان لە شەنگالی نزیکی موسڵ باشترە لە پارتی دیموکراتی کوردستان.

چەن جوگرافیای سوریا کەسپەکە لە بەردەم بەیکبەستنەوەی وڵاتانی عەرەبی سوننە و تورکیا و لەوشەوە دەریای سپی ناوەڕاست، http://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=72366 جوگرافیای موسڵیش ئەگەر لە دەستی سوننەکاندابە، ئەگەر لە یەکیەتی نێوان شیعەکان، چونکە موسڵ تاقە پردەکە ئێشە ئێران، عێراق، سوریا و لوبنان بەیەکەوە و پاشان بە دەریای سپی ناوەڕاستەوە ببەستێتەوە. پێلاماردانی موسڵ لەلایەن داعشەوە لە ساڵی ٢٠١٤ زیاتر پیلانکی وڵاتانی سوننی جیهان بو و ئامانجەکەی پەکخستنی پڕۆژەی بەی نێوت و غازی ئێران – عێراق و سوریا بو کە دەگەیشتە لوبنان و دەریای سپی ناوەڕاست.

بەپێی ئەو زانیاریانەی بەشکیان دزیان کردە ناو مەدیاکان،

ئەمریکیەکان و خەڵکی شەنگال لەو ماوەیدا زەریان هەوێیاندا، پکک و پارتی لەسەر پرسی شەنگال و ڕۆژئاوا لەیەکتری نزیک بکەنەوە، بەتایبەتیش سەیرە لە کاتی دانوستانەکاندا نەچیرڤان بارزانی، لە لێدوانێکی نەخوازراودا، لە میانەی کۆنفرانسی زانکۆی ئەمریکا لە دهۆک گوتی: ((ئەگەر پکک شەنگال چۆڵ نەکات هێز بەکاردەنین)). مرۆڤ بە باشی لەوە ناگات ئایا ئەو لێدوانەی ناوبراو گوزارە لە بەچونی پارتی دەکات یان بەتەنیا خۆی؟ چونکە لە دەورووبەری پارتی ئەگەر کەمیش بێ، ڕەخنە و ناڕەزایی دژی ئەو لێدوانەی نەچیروان دەبیسترێ. ئایا مەسعود بارزانیش وەک نەچیری برازای لایەنگری بەکارهێنانی هێزە لە دژی پکک لە شەنگال کە لە کۆتاییدا نەوەک بەتەنیا شەڕی براکوژی، بەڵکو ئەگەری ئەوەی لە ئەکەوێتەوە سوپای تورکیا بێتە ناو باشوور و عێراق لە لایەک و ملیشیاکانی حەشدی شەعبیش بەنە ناو یارییەکە.
کێشەکان هەرچیەک دەبن گرینگ نیە، کە لەسەر حەق و کە ناحەق بەڵایەکەوە، بەتایبەتیش بە بەوای من باشترین و ئاقڵترین ڕێگا کە ئەو دو لایەنە هەیبژێرن ڕێککەوتنی سیاسی و چارەسەری دیبلۆماسیە.

-_____

سەرچاوەکان:
http://www.milliyet.com.tr/stratejist-abdullah-ciftci-musul-u-hasdi-istanbul-yerelhaber-1604275/
http://bianet.org/bianet/siyaset/181277-mgk-bildirisinde-suriye-kararlari
http://www.haberturk.com/dunya/haber/1337055-necirvan-barzani-pkknin-bir-guc-olarak-sengalde-kalmamasi-ve-geri-cekilmesi-lazim

---

خولیای جەنگ … بەختیار محەمەد

چ شتێك لە جەنگ قێزەونترە؟ جەنگ سەرکەوتنی ئیرادەی شەڵانگێزیی و شەڵانگێزانە بەسەر ئیرادەی چاکە و چاکەخوازییدا. جەنگ لایەنە شەڵانگێزەکەی ڕۆحی مرۆڤ دەردەخا؛ ئەو لایەنەی، کە لە وێرانکردن و خاپوورکردن و بێزەوەری و قێزەونیدا بێ هاوتایە و لای هیچ

دێندەیەکی سەر ئەم گۆی زەوییە بوون و نموونەی نییە.
موفارەقەیەکی سەیرە: مرۆڤ تاوان ئەنجام دەدا، خۆی بە ڕاست دەزانێ. مرۆڤ (تاوانبار و ستەمکار) هەمیشە پاساو بۆ تاوانەکانی خۆی دەهێنێتەوە. ئەو هێندە پێ لە ڕك دەبێ، کە هیچ بەهایەك بۆ ژیان (ژیانی ئەوانی دیکە) ناهێڵێتەوە.

لە هەموو حاڵەتێکدا جەنگ (جەنگی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و تەنانەت هەندێك جار جەنگی شەخسییش) بەرهەمی ستەمە: ستەمی ساتەوەختەکانی دەسەڵات لە بەرانبەرەکەی خۆی (تەنانەت لە ناوان جەنگی منداڵانیش هەست بە سڵبەری ئەم دەسەڵاتە دەکرێ). خۆ لە خۆڕایی نییە، لە هەر کۆمەڵگەیەك دیکتاتۆر و دیکتاتۆرایەتی هەبێ، ئەوە لەو شوێنەشدا جەنگ بەرپا دەبێ. جەنگ کار و کاردانەوەیە: کاری ستەم و تەعەدا و کاردانەوەی بەرگریی (ماف) و تۆڵە.

ئەوانەی جەنگە گەورەکانیان لە مێژوودا بەرپا کردووە، دیکتاتۆر و خوێنڕێژە گەورە و ناسراوەکانی جیهانن: هۆلاکۆ، تەیموور لەنگ، هیتلەر، سەدام و… تاد. هەموو ئیمپراتۆرییەتە گەورەکانی وەك ڕۆماش لە مێژووی جیهاندا بە ڕووباری خوێن بنیاد نراون؛ هەر ڕووباری خوێنیش هەرەسی پێ هێناون و ڕووخاندوونی؛ لەمەوە لە هەر کۆمەڵگەیەك ویستی دەسەڵاتخوازیی و داگیرکاریی هەبووە و بەهێز بووە، ئەوە لەوێشدا جەنگ و جەور و ستەم هەبووە و بەرپا بووە.

جەنگیش هیچ ئامانجێکی نییە، تەنها خاپوورکردن و وێرانکردن نەبێ؛ بەڵام پرسیارێك هەیە ئێمە نیگەران دەکا: بۆ هەردەم ئیرادەی شەڕخوازی دەتوانێ بەسەر ئیرادەی خێرخوازی سەرکەوێ؟ هەر کاتێك بیەوێ جەنگ لە کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتیدا بەرپا دەکا؟ ئایا جەنگ تەنها بەرهەمی پێکدادانی بەرژەوەندییەکانە؟ یان بەشێکە لە ئیرادەی سروشتی مرۆڤ؟ ئایا (هێز) ڕاست دەکا، کە پێی وایە جەنگ حاڵەتێکی سروشتییە لە بوونی مرۆڤدا؟ یان (لۆك) و ئەوانی دیکە، کە جەنگ بە بەرهەمی واقیعی ژیانی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی دەزانن؟ یانیش هەردوو لایان بە شێوەی ڕێژەیی لە تیۆر و بۆچوونەکانیاندا وەك یەك ڕاست دەکەن؟ واتە مرۆڤ هەم خۆی شەڵانگێزە، هەم بەرهەمی کولتووری شەڵانگێزییشە؛ بەڵام سەرەنجام کە ئەم واقیعە شەڵانگێزە دروست دەکا و بەرهەم دەهێنێ؟ هەر مرۆڤ، هەر بەشێکی مرۆڤ و مرۆڤایەتی خۆیان نین؟…

کەواتە دەشێ بڵێین، کە بەشێکی مرۆڤ (زۆرینە) قوربانیی دەستی بەشێکی دیکەیە (کەمینە)؛ بەڵام ئەم کەمینەیە هێز لە کوێ دێنێ؟ لە

توانا و زیرەکیی و فرت و فێڵی خۆی؟ یانیش لە پشتیوانی بێ ئاگایانەی زۆرینە بۆیان (ئینجا لەبەر هەر هۆکارێك بێ)؟ ئایا هیچ دیکتاتۆرێك خۆی لە خۆیدا دەتوانێ شت بێ، ئەگەر زۆرینە (لە قۆناغێك لە قۆناغەکاندا) پاڵپشت و لایەنگری نەبووبن؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە بۆ خوێنەری ئازیز و بەڕێز لێ دەگەڕێین...

ململانێ لەگەڵ ترافیکەکان لە بارەی (قاوەی سوکر)ی بەختیار حەمەسوور ... حەمە مەنتك

کاتێك چیرۆکێکی باش دەخوێنیتەوە، یەکەم جار بیرمان بە بەهێزی بونیادی چیرۆکەکە دەچێت. لەوێوە هەست بە بوونی ئەو بونیادە دەکەین، کە چیرۆکەکەی لەسەر وەستاوە. هاوکات ئەمە دەبێتە یەکێک لە خاسیەتەکانی چیرۆکی نوێ. چیرۆکی (قاوەی سوکر)ی "بەختیار حەمەسوور" لە یەکەم بڕگەوتنیدا ئەم بونیادە بەهێزەی خۆی نیشان دەدات، بە بەرگەی ئەوەی نیاتوانی یەك وشەی لە لابڕیت. دەسکاریکردن، یان فڕێدانی هەر وشەیەك، یان هێنانەك خوێنەر بە تەواوی هەست بە لەنگی و کوونبوونی شوێنێك لە چیرۆکەکە دەکات. هەکاری ئەمەیش بە پێکەوگرێدانی کێی چرکە و جووڵانەکانە. یەکەم هێستێی چیرۆکەکە بە وەستانی جووڵەیەك دەست پێ دەکات. ((کە گەیشتینە ترافیك، گەڕێکە سوور بوو.)) دیمەنی کۆتایی چیرۆکەکەیش هەر بە وەستان کۆتایی دێت، ((ئۆتۆمبێلەکە دەکوژێنێتەوە.)) دوای ئەوەی کارەکتەر ژنەکەی دەگەیەنێتە بەردەم فەرمانگە. ئەم بەیەکەوە گرێدانی سەرەتا و کۆتایی چیرۆك کارەکی سەختە. خۆ لە هەقایەت و چیرۆکی کۆنیش سەرەتا و کۆتایی هەن، بەڵام ئەو ماوەیەی لێنوان ئەم دوو توخمەدا هەن، نابێ هیچ کوون و بۆشاییەکی تێدا بێت.
خوێنەر چۆن هەست بە بوونی وەها بونیادێکی هونەریی بەهێز دەکات؟ بە بۆای من ئەگەر خوێنەر خۆی وەکو بۆشداربوویەکی ناو چیرۆکەکە بینی و هەستی کرد خۆی لە جووڵە و ڕووداو و پێڤەکان بۆشدارە، ئەوا دەبێ بزانێت، کە چیرۆکێکی باش دەخوێنێتەوە. لەم چیرۆکەدا خوێنەر ناتوانێ لەناو چیرۆکەکە بێتەدەرەوە، هەرچەندە چیرۆکەکە لە

چوونی کارەکتەر لە ماڵ تاکوو فەرمانگە، بیست خوولەکە. لەم ماوە کەمەدا خوێنەر لە هەموو دیمەن و گۆشەنیگا و جووڵەیەك بەشدارە. ((منداڵەکان بە نەوان ئوتومبێلەکاندا پێچ لە دەدەن. بە جامەکاندا دەکێشن. پێدەکەنن و پێکدا هێدەپژەن.)) منی خوێنەر هەست ناکەم وەگەڕ بە کەسێکی دیکە جوودا لە من قسان بکات. هەکاری ئەمەیش ئەوەیە فەزایەك دروست کراوە، بەدەر نییە لە بووڕنی خوێنەر. ئەمەیش خاسیەتێکی دیکەی چیرۆکی نوێیە. خوێنەر هەست ناکات کارەکتەرەکان، کەسی خەیاڵی بن، بەڵکوو دەتوانێ دەستیان لە بدات. کارکتەرەکانی ئەم چیرۆکە هێندە لەماڵەوە نزیك دەبنەوە، هەست بە هەناسەدانیان دەکەین، دەتوانین دەستیان لە بدەین، ئەمەیش بە کاریگەری ئەو بەشداریەی خوێنەر لە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە. هاوکات بە شێوازی کارکتەرسازی چیرۆکنووسیش، چونکە کارەکتەرەکان وەکوو کارەکتەری چیرۆکی کۆن ئەرکی ئەخلاقی و ئایدەاڵیان لە کۆڵ نەکردوە، بەڵکوو کەسانێکن دەستت دەگرن بە بەشداریکردن.
لە چیرۆکی کۆندا هەمیشە چیرۆکنووس عەوداڵی ئەوە بوو، ڕستەگەلی فەلسەفی، یان لە شێوەی وتەی جوان و کاریگەر بنووسێت. بەمەیش خوێنەر زەینی تانە لەسەر ئەو ڕستە جوان و فەلسەفیانە دەمایەوە، وشە و ڕستەکانی دیکەی وەلا دەنا. بەیەیش هەمیشە ئەو خوێنەرانە لە دەرەوەی دەقەکە دەمانەوە، خوێنەر زەر جار خەتی بڕیار ئەو ڕستانەدا دەهێنا. بەڵام لە چیرۆکی نوێدا هەموو وشەیەك، ڕستەیەك لە چیرۆکەکەدا بایەخی خۆی هەیە. وەکوو "گولشیری" دەڵێت: کاتێ چیرۆکەکی باش دەخوێنمەوە، هەستەکەم ئەم ڕستە، یان ڕووداوە نییە بە خەیاڵدەکەشە، بەڵکوو کەی چیرۆکەکەیە. کەواتە چیرۆکی نوێ بە کەی چیرۆکەکە دەمانخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. لێرەدا ناتوانین وشەیەك، یان ڕستەیەك لابدەین. لە (قاوەی سوێر)دا هەر پەیڤێکی کارەکتەر لە شوێنی خۆی بە کار هاتوە. هیچ وشەیەك جێگۆڕکێ نییە. هەکاری ئەمەیش بە لە دەرەوە وەستانی چیرۆکنووس دەگەیەنێتەوە. لەم چیرۆکەدا هەست بە بچووکترین سەبەر، یان تارمایی چیرۆکنووس ناکەیت. ئەمە ڕێ بە کارەکتەرەکان دەدات زیندوو دەرکەون، هەستیان پێ بکەین.
ململانێ لەم چیرۆکەدا هێندە نەرمە، هێندەیە لەسەرخۆیە، خوێنەر هەست بە ئارامییەکی جوان دەکات. ئاستێ ململانێ بە ئەوەیە ڕووداوەکان و ڕووتی گۆڕانەوە تووشی سەبوون نەبێت. چیرۆکنووسی باش ململانێی هێز و چەمکە گەورەکانی وەك: هێزی باش و خراپ نیشان نادات، چونکە ئەمە کاری هێقایەت و چیرۆکی کۆنە. مرۆڤی ئەستا ململانێی لەگەڵ شتە وردەکانی دەوروبەریەتی، چیدی ململانێی چینەکانی ناو کۆمەڵ کێشەی سەرەکیی مرۆڤی ئەستا نین. (قاوەی سوێر)

ململانێیەکی نەرم و جوانی نەوان ژنومەردەکە. کێشەی ئەوان، کێشەی لەسەرخۆ لەخۆینی ئەتەمبەلە بە گێشتن بە دەوام، کێشەی ئەوان ئەویش کامیان باشتر گوزارشت لە خۆشویستی خۆی بە ئەویدیکە دەکات. بە ناڕاستەوخۆ نیشاندانی بەزاریی ترافیکە، نیشاندانی ژیانی ئەو منداڵانەیە لە ترافیکەکان هەرش بە جامی ئەتەمبەڵەکان دەهێنن. ئەم ململانێیانە، ململانێی چکۆلانەی ژیانی دوو کەسن. ئەو شتانەی مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا هەستیان پێ ناکات، یان بایەخیان پێ نادات، ئەم چیرۆکنووسە وەکوو چیخۆف، سالینجەر، کارڤەر، هەوڵ نیشاندانی ئەم شتانە دەدات، کە لە بنەڕەتدا ململانێن لەناو ژیانی هەر یەکەکمان.

مالك شبل بيرمەندی هزری ئيسلامی ڕۆشنگەری کۆچی دوايی کرد د … عوسمان ياسين

لە 12/نۆڤمبەری /2016 مالك شبل بيرمەندی هزری ئيسلامی لە فەرەنسا دوای کێشمە کێشمیکی زۆر لە گەل ئەو نەخۆشييەی تووشی ببوو، کۆچی دوايی کرد، ئەم بيرمەندە لە 23 ئەپريلی 1953 لە شاری سکيکدەی سەرکەناری دەريای ناوەراست لە ولاتی جەزائير لە دايك بووە، لەم شارەدا خوێندنی ئامادەيی تەواودەکات، دواتر بەردەوامی بەخوێندنی بالا دەدات لە زانکۆی عين البای لە قوستەنتينييە، دواتر لە فەرەنسا لە نێوان ساڵانی1977 -1984 سێ بڕوانامەی دکتۆرای بەدەستهێنا، يەکەميان لەبواری سايکۆلۆجيا بەشەرپەرشتی هەردوو بيرمەند جان لابلانش و جان لاکان دواتر ، لە ساڵی 1982 دکتۆرای دووەمی لە ئەنتڕۆپۆلۆجيای زانستە ئاينييەکان وەرگرت، پاشان لە ساڵی 1984 دکتۆرانامەی سێيەمی لە زانستە سياسييەکان لە ئەنستيتۆی پاريس بەدەست هێنا. ئەم بيرمەندە لە پاريس نيشتەجێبوو ، هەر لەم شارەدا بەردەوامی بەکارە هزرييەکانی خۆی دەدا، لە هەردوو بواری ئەدەبی و فەلسەفی خەريکی هەلکۆلينەکانی (حفريات) خۆی بوو لە ناو کلتورو مێژووی ئيسلامی و عەرەبی، وێنە پرشنگدارەکانی ئەم کلتورەی بە جيهان دەناساند، ئەمەش لەبەرامبەر ئەو شێواندنانەی کە ئەم کلتورە

رووبەرووی ببەوە.

مالك شبل نزیکەی سی کتێبی بە زمانی فەرەنسی نووسیوە، گرنگترین کتێبەکانی ئەم نووسەرە ئەمانەن: جەستە لە ئیسلام (1984)، پێکهاتنی ناسنامەی سیاسی1986، هزری عەرەبی ئیسلامی 1993، ئنسکلۆپیدیای خێشەویستی لە ئیسلام 1996، شیکردنەوەی دەرونی هەزارو یەك شەوە 1996، شیکردنەوەی دەرونی کەسەکانی کلیلەودمنە 1997،مەسەلەی ئیسلام 2002، قورئان بێ منداڵان(مەبەست لێی کەسانی سادەیە) 2006، بانگێشە بێ ئیسلامی رۆشنگەرا 2004، ئیسلام وعەقڵ-شێی هزرەکان 2005، ئیسلامی راڤەکراو 2007، نەوەکانی ئیبراهیم: ئیسلامەکان وجولەکەکان و مەسیحییەکان 2011، ئایرۆس لای عەرەب 2014، ئیسلام لەبەردەم سەت پرسیاردا 2015.

مالك شبل لە زۆربەی نووسینەکانیدا هەوڵدەدات وێنەیەکی هەڵەو ئاوەژوو راستبکاتەوە ، کە سەبارەت ئیسلام لەبەرچاودایە، یاخود دەربارەی ئیسلامی دەبیندرێت، بە پێی ئەم وێنەیە ئیسلام دژی خێشەویستی و لەزەتی هەستییە ڕەواکانە،شبل لای وایە ئەم وێنەیە هەرگیرز دەربڕی ئیسلامی راستەقینە نییە، بەڵکو ئەم وێنەیە ئەو شێواندنەنادروستانە دروستیان کردووە کە لە سەردەمی داڕماندا بەسەر ئیسلامدا هاتووە.
ئیسلام ئاینی داهێنانە شارستانییە ناوازەکانە، کە هەر لە دیمەشقی ئەمەویەکان وبەغدای عەباسییەکان و غەرناتەی ئەندەلوس وقاهیرەی سەردەمی فاتمییەکاندا دەرکەوتوون. دیارە مالك شبل لێرەدا جەخت لە سەر ئەو لایەنە ئەرینییانەی ئەم شارستانیەتانە دەکاتەوە کە لەم سەردەمانەدا لە ئارادابوونە، چونکە نکۆلی لەوەناکرێت لایەنی نەرینی ئەم شارستانییەتانەش زۆرن ئەگەر باسییان لێوە بکرێت.

دیوە جوانەکان لەم شارستانییەتانەدا بریتین لە زەوقێکی بەرزو ناسك لەمەڕ ژیان و شیعر و ئەدەب وهونەرەکان ، ئەم شارستانییەتانە جوانترین دیوی شارستانییەتن لە سەردەمی کۆنی، لەو سەردەمانەدا ئەوروپا لە هەمەجییەتدا دەژیا . بێ دەرخستنی ئەم راسییانە مالك شبل هەلستاوە بەوەرگێڕانی چەندان دەقی ئەو شارستانییەتانە لە زمانی عەرەبی بێ زمانی فەرەنسی، تاوەکو ئەو راستیانە بێ فەرەناسا و ئەوروپا ڕوونباکاتەوە. چونکە لای ئەو نووسەرە ناکرێت ئیسلام بچوك بکرێتەوە بێ ئەو جۆرە ئیسلامە داپلۆسێنەرەی کە کە ئێستاکە هەوتێك بانگێشەی بێ دەکەن و خراپترین نموونەی ئیسلام پێشکەش بە جیهان دەکەن.

شبل وای دەبینێت کە دەکرێت موسلمنێکی راستەقینە بیت و پابەندی ڕۆرەسمەئاینییەکانی بیت ، بە بێ ئەوەی نکۆلی لە خۆشەویستی و لەزەتەکانی ژیان بکەیت، بە بێ ئەوە بە چاوێکی کەم سەیری ئافرەت بکەیت. راستە رەوتە تەندەوەکانی ئیسلام نکۆلی لە هەموشتێك دەکەن کە پەیوەندی بە جەستەو خۆشەویستی و سێکسەوە هەبێت، بە کارێکی شەیتانی دادەنێن، بەڵام ئەم هەڵوێستە تونددرەوانە ڕێك پێچەوانەی ئەو دیوە جوانەی ئەو شارستانییەتانەیە کە ئیسلام لەسەردەمی زێرینیدا پێیدا تێپەڕوە.
لێردا مالك شبل بێ ئاماژەکردن بەسەردەمی زێرینی شارستانییەتی ئیسلامی ئاماژە بە کتێبەکەی ئیبن حزم ئەندەلوسی دەکات بە ناونیشانی (گوق الحمامه فی الالفه و الالاف) ، کە جوانترین کتێبەکە فەقیهێکی گەورەی ئیسلامی بە زمانی عەرەبی لە بارەی خۆشەویستی و سێکسدا نووسیویەتی ، ئەم فەقیهە زۆر جوان ئاین ودونیای بەیەکتر بەستۆتەوە.

لە راستیدا لە شارستانییەتی ئیسلامیدا لەم جۆرە نمونانە زۆرن ، کە زانا ئیسلامییەکان گرنگیان بە کاروباری جەستەو لەزەتەکانی ژیان داوە ، بە تایبەتی مەسەلەی سێکس. جا لەبەر ئەوە جگە لەم کتێبەی ئیبن حزم کە مالك شبل ئاماژەی پێدەکات، پێم وایە کتێبەکەی شێخ نەفزاوی بە ناونیشانی (الروچ العاگر فی نزهه الخاگر) لە نێوان سالانی 1410-1434 نووسراوە، کەزیاتر کتێبێکی فێرکارییە ، لە کتێبێکی دیکەی هەمان نووسەر وەرگیراوە بە ناونیشانی (تنویر الوقاع فی أسرار الجماع). لەبەر ئەوە دەکرێت ئەم کتێبانە بە یەکێك لەو نووسراوانەی سەربە کلتوری ئیسلامە، کە حەکیمانە باس لە لایەنێکی گرنگی لەزەتی جەستەی مرۆڤ دەکات ، کە ئارەزووەکانی سێکسە چۆنیەتی تێرکردنییەتی.

مالك شبل لە زۆربەی نووسینەکانیدا هەوڵی داوە کە لە چێێکەکانی هەزارو یەك شەوەو هەروەها سەرجەم کلتوری ئیسلامی ئەو لایەنە شاراوانە بخاتە ڕوو کە لە ئیسلامدا وەکو پێویست باسیان لێوە نەکراوە. لە ساڵی 2004 فەرەنسادا مالك شبل دامەزراوەی ئیسلامی ڕۆشنگەرای دامەزراند، هەر لەم ساڵەدا کتێبی بانگەشە بۆ ئیسلامی ڕۆشنگەرا بڵاوکردەوە، لەم بانگەشەیەو بەرهەمەکانی دیکەیدا، مالك شبل هەوڵی ئەوەدەدات لایەنی ڕۆشنگەرای ئیسلام بخاتەڕوو، بانگەشە بۆ ئیسلامێك دەکات کەو وەك قۆناغی ڕۆشنگەری هزری ئەوروپی و فەرەنسی گۆوتینی خۆی هەیە لە ڕۆشنکردنەوەی ڕێگاکان بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان. لە هەردوو کتێبی بانگەشە بۆ ئیسلام و لە گەل کتێبی

ئیسلام وعەقڵ (شەڕی هزرەکان) هەوڵوکۆششەکانی مالك شبڵ بەرچاوەکەون لە پێناو ئەنجامدانی ریفۆرم لە ئیسلامدا. کۆچی دوایی ئەم نووسەرە کەڵێنکی گەورەی لە هەردوو بواری هزری ئیسلامی ڕۆشنگەری -کە خۆی بانگەشەی بۆ دەکرد -، هەروەها هزری ریفۆرمی لە ئیسلامدا لە دوای خۆید بە جێ دە هێڵێت.

میدیای کوردی لە بازنەی گەمەکانی سیاسەتدا...2... نەژاد عزیز سورمێ

بەشی دووەم

میدیای کوردی دوای ڕاپەڕین

ڕاپەڕین لە خۆیدا وێستگەیەکی سەرنجڕاکێش لەلایەك و لەلایەکی دی چاوەڕوانکراو بوو ، کۆتك لەسەری ڕژا بوو ، زوڵم و زۆرداری ئەگەر بشێ بگوترێ ببوو بە دوومەڵێکی گەیوو تەنیا نووکە دەرزیەکی بچووکی دەویست ، کە ئەویش هەل و مەرجی بابەتی بە هەر هۆیەکەوە بوو بێت ڕەخساندنی و هەرچی لە ماوەی ئەو دەیەیە و ئەوەندەی کێ ببووە هاتە دەرەوە ...

لەو سەروبەندەدا ، پاش هەموو دەرهاوێشتەکانی ، ڕاپەڕین وەك ئەوەی کەمەگەی کوردی بە گشتی و کولتووری کوردی بە تایبەتی ڕووبەڕووی چەمکێکی نوێ کردەوە ڕووبەڕووی چەمکی (شۆکی ئازادی) ، هەر ئەو شۆکەیش لە دوایدا ئەو بۆسەروبەریەی لە بۆاوکردنەوەی ڕۆژنامە و دامەزراندنی ئێستگەی ڕادیۆ و وردە وردە تەلەفزیۆن و ئیستگەی سەتلایت بەدوای خۆیدا هێنا ، هەموو ئەمانەش ئێستاشی لەگەڵدا بێ ، بێ پلانی و شاشی لە ڕووی هاتنەوە لەگەڵ پێشهاتە تیۆرکانی ناوچەکە و دەرهاوێشتە پێشڕەوێ و پاشڕەوکانیدا ، بە ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە دەبینرێ و ڕۆژ دوای ڕۆژیش باری لاسەنگ و هەل و مەرج لاسەنگتر دەکا ، پاش ئەوەی ، ئەوەی بە ناوی ڕۆژنامەگەریی (ئەهلی) و (سەربەخۆ)یش هاتنە مەیدان.. وای دەبینم لە باتی هاوسەنگ

کردنەوەی باری ڕۆژنامەگەریی کوردی و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ئاڵترناتیڤێکی گشتی بە ئاراستەی متمانە بەخۆبوون ووڵە ئایندە و لە بەرچاوگرتنی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیەتی کۆمەڵگە و بنەماکانی ئەمنیەتی نیشتیمانی ، بوو بەمەیدانی موزایەدە و لێدان و سپیکردنەوەی ڕەش و ڕەشکردنەوەی سپی..

دیارە لە پاڵ ئەو ڕۆژنامەگەرییەش ڕۆژنامەگەریی حزبی هەبووە ، ڕۆژنامەگەریی حزبی هەر لەبنەڕەتدا ڕۆژنامەگەرییەکی بۆ لایەن نییە ، بەڵام سەرچاوەی دارایی دیارە و لە هەمان کاتدا هۆیەکانی ڕاگەیاندنی – نووسراو – بیستراو – بینراو – ئەلکترۆنی – بە ئاراستەیەکی دیاریکراوەوە کار دەکەن..
بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ ڕۆژنامەگەریی حزبی کە مژوویەکی لە کۆی مژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا هەیە ، هەمیشە لایەنداری حزب بووە ، زۆر لەو ڕۆژنامە و ڕادیۆیانە ڕۆژگارێکی زۆر سەکۆی بەرگری بوون لە خەڵك و جەماوەر و دەوری کاراشیان لەو بوارەدا دیوە.
سەرەباسی ئێمە لەم پاژەدا ڕۆژنامەگەریی پاش ڕاپەڕینە.. لێرەوە بە پۆیستی دەزانم هەوەستە لەسەر چەند خاڵێك بکەم کە ئەو ڕۆژنامەگەرییەی پێ دەناسرێتەوە.

چی لە هەڵسوکەوتی ڕۆژنامەنووسان و ئاراستەی هۆیەکانی ڕاگەیاندندا گۆڕا ؟

(1)

سەرەتای ڕاپەڕین ، چەشنێك لە شۆك (شۆکی دەربازبوون لەسەرکوتکردن و سانسۆر) ووبەووی ڕۆژنامەنووسان بووەوە ، بەمەش هەر کەسێ لەلای خۆیەوە دەیویست کارێك بکا ، هەڵسوکەوت و هەڵوێستێك بنوێنێ ، وەك ئاماژەشمان پێدا سەرەتا ئەو شۆکە بوو سیستەمی مرۆڤی کوردی لە بارێکەوە هێنایە بارێکی دی .
بەڵام لە سەرێکی دییەوە ڕاپەڕین ، کەش و هەوایەکی تری بۆاوکردەوە تاڕادەیەك تەنانەت حزبەکانی کە لە چوارچێوەی بەرەی کوردستانیدا بوون (بۆگومان هەموویان نا) وەك هۆی کارای ڕاگەیاندن لە ڕادیۆیان زیاتر نەبوو ، بە ئاراستەی کولتووریش بزاڤێکی لەو چەشنەیان نەبوو ، ئەوەی هەبوو یەکێتی نووسەران ، پاش کاراکردنەوەی هەندێ چالاکی کولتوورییان لە شێوەی کۆ و سیمنار و بەرنامەی ئیستگەیدا هەبوو(20)، تەنانەت وەکو جوولانەوەی ڕۆژنامەنووسیش یەکەمین جار یەکێتی نووسەران ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیان لە ڕۆژانی (کۆنگرەی ڕاپەڕین)ی خۆیاندا بە ناوی (کۆنگرە) دەرچووانند ، وەکی دی

بۆاوکراوەیەکی لەو جۆرە نەبوو بشت بگوترێ بەقەد ئەو گۆڤانە بۆت ڕاپەڕین بەرپای کرد .

تا ئەوەی ساڵ وەرسووڕایەوە و دوای هەموو دەرهاوێشتەکانی کۆمەوی ملیۆنیی کورد ، لە12/1/1992دا ژمارەی سفری ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بە ناوی (کوردستانی نوێ) لە شاری هەولێر لە لایەن یەکێتی نیشتمانیی کوردستانەوە بۆاوکرایەوە ، لەگەڵ دەرچوونی (کوردستانی نوێ)یشەوە حزبەکانی دیکەش کەوتنەخۆ ، لەوانە پارتی دیموکراتی کوردستان بەحەفتەنامەی (خەبات) لە پێشدا پاشان ڕۆژنامەی (برایەتی) ڕۆژانە و پارتی گەل – بە ڕۆژنامەی ناوەناوەی (گەل) و حزبی سوسیالستی کوردستان بە (ڕۆگای ئازادی)و پاشان حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بە ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی)….تاد
دیارە لە ڕووی هەڵسوکەوتی ڕۆژنامەنووسان مۆدێکی دی هاتە کایێ ، جیاواز لەوەی پێش ڕاپەڕین ، بەوەی ڕۆژنامەنووسان لە سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆژنامەرگەریی ڕاپەڕیندا کەوتنە کەش و هەوایەکی ئازاد و ئازادانە بیریان دەکردەوە و دەیاننووسی کە هەندێ جار پیشەیی یەتیشیان ڕەچاو نەدەکرد ، بەڵام دیسان تا هەڵبژاردنیش (ساڵی 1992) هەستیان بە بەرپرسیاریەتی دەکرد کە ئەزموونێك بەڕووەیە پێویستە بپارێزێ …

بە کوردی بە بێ ئەوەی کێبوونەوە و ڕۆککەوتنی لەسەر بکرێ ، ڕۆژنامەنووسان کە زیاتریش لەناو تۆژی نووسەراندا هاتبوون تاڕادەیەکی بەرچاو لە مەسەلە چارەنوسسازەکاندا یەك دەنگ بوون نەك هەر ئەوەندە بگرە ئەگەر کەسێ ویستبای یا زاتی ئەوەی کردبووایە بە هەر بیانوویەك بێ درز بخاتە ئەو یەکدەنگیە ، لە لایەن خودی ڕۆژنامەنووسانەوە لە قەڵەمی دەدرایەوە و لێی قبوڵ نەدەکرا…
بە مانایەکی دی ئاراستەی میدیای کوردی لەو سەردەمەدا، ئاراستەیەکی ستراتیژی دووربینتر بوو میدیایەکی تاڕادەیەکیش بەرژەوەندی گشتی لەبەرچاو دەگرت ، باوەکو ئەوسا ئەوەی هەبوو نەبوو ڕۆژنامەگەریی حزبی بوو بێ . بەڵام لە ڕووی پیشەیی یەتی و باری ئەو میدیایە ، سەیر دەکەین ڕۆژنامەگەریی بیرۆاو ڕۆژنامەگەریی هەواڵ تێکەڵ کرابوون کە ئێستاش ئەو سیمایە لە میدیای کوردی و کوردستانیدا ون نییە… هەر بەم ئەگەریشەوەیە زۆرجار بابەتایەتی تێدا کاڵ دەبێتەوە.

(2)

میدیای کوردی لە دەسپێکی پاش ڕاپەڕین تا ڕادەیەك ، تەنانەت لەچاو

ئەستاش دوانەکەوتبوو بە ڕۆژنامەگەریی بیستراویشەوە کە چەندان بەرنامەی ڕۆشنبیری و کولتووریان بڵاوەکردەوە و بە پێی هەڵ و مەرج و ئیمکانیاتی ئەو دەمە دەکەوتە ناو حسابانەوە .
بەڵام پاش هەڵبژاردن و دامەزرانی پەرلەمان و حکوومەت ، دیارە بارەکە کەوتە بازنەیەکی دی ، بە بڕوای من تاقیکردنەوەی هەڵبژاردن و (شەڕە پەڕە) و پاشان (شەڕی بەڕاستی) کە بە شەڕی ناوخۆ دەناسرێتەوە و دەرهاوێشتەکانی ، لە پێشەوەی ئەو هێیانە بوون کە ئیتر ڕەنگی حزبایەتی جێی بەڕەنگی یەکێیزی لەق کرد… بەم جۆرە وەك پێویست بوو و دەیخواست میدیای کوردی هەواڵی ڕاست و زانیاری دروست و پێویست بدا بە خەڵك ، کەوتە ئەو بارەی هەر کەس بە لەیلای خۆیدا هەبڕێ…

تا ئەوەی میدیای بینراویش هاتە دامەزراندن و پەخش و وەشانی دەست پێکرد ، سەرەتا بە دەیان و دوای بوو بە سەتان ڕۆژنامە و ڕادیۆ و زنجیرەیەك کەناڵی لۆکاڵی تەلەفزیۆن… تاکو گەیشتە ئەوەی کەناڵی ئاسمانی دامەزران ، کە یەکەمینیان کەناڵی (مۆد تیڤی) بوو لە دەرەوەی کوردستان ، لە هەندەران و پاشان کەناڵی (کوردستان TV) وەك یەکەمین کەناڵی ئاسمانیی لە ناوەوەی کوردستان لە نیشتیمان ساڵی 1999 دەستی بە پەخش کرد و لە دوایشدا وەك دەبینین چەندان کەناڵی دیکەی بەدوادا هات ، لەوانە (کوردسات، زاگرۆس، گەلی کوردستان) و تاد….
بەو ڕەنگە میدیای کوردی چووە قۆناخێکی دیکەوە ، ڕۆژنامەنووسانیش کە تا ماوەیەکی زۆر لە ناو توێژی نووسەرانەوە دەهاتن ، وای لێهات هەرچی خەت و قەڵەمێکی هەبوو ، بە هۆی بوونی ئەو هەموو بڵاوکراوە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنانەوە بوو بەڕۆژنامەنووس!! ، بە تایبەتی لەکات و دوای شەڕی ناوخۆ (بچی نەیەتەوە) وەك یەکێك لە دەرهاوێشتەکانی پەیوەندیدار بە میدیا ، میدیایەك خۆی بە (میدیای ئەهلی) خستەڕوو ، هەروەها میدیایەکی دی کە بە (میدیای سڤبەر) ناسێندرا پەیدابوو .

ئەوەی بە (میدیای ئەهلی) خۆی پێشکەش کرد ، لە ڕاستیدا لە هەندێ وڵستگەوە نەبێ جیاوازیەکی جەوهەری ئەوتۆی لەگەڵ (میدیای سڤبەر) لێ نەخوێندراوەتەوە ، ئەمەش لە خوێندەواری وردبین پێم وانییە شاراوە بێ کە هەمیشە بە سەکۆیەکی حازر و ئامادە دیتراون ، بەرداوا ، بێ ئەو لایەن یان ئەو کەسایەتی لەدژی ئەوی دیکەیان ، هەر شتێکیش بە نرخی خۆی ، دەنا (ئەهلی) یانی چی؟
ئەگەر لە ڕووی زمانەوە لێی بڕوانین ، (ئەهلی یان ئەهالی) واتە

هاونیشتیمان، باشە خۆ ئەو هاونیشتیمانییانەی هەر لە هەڵبژاردنی یەکەمەوە سالی 1992 دەنگیان بەلایەنەکانی کوردستان دا، ئەوانیش دەتوانن بە میدیاکانی خۆیان بڵێن (ئەهلی)، ئەگەر مەبەستیش لە (ئەهلی) سەربەخۆیی بێ، داخۆ ئەو (خۆ)یە کێیە؟
لەلایەنی ڕوانینی بابەتایەتی و پیشەییایەتیەوە دەبێ ئەو (خۆ)یە (خاك – نیشتیمان)بێ ، بە هەموو ئەو مانایانەی وشەکە هەیدەگرێ لە مەغزا و ئینتیماوە ، ئەوەش وای نابینم بە هیچی لەترکزەیی خودی ماناکە ، بەو مانایە هەنگی دابڕتەوە . وەکو ڕای خاکی خۆم ، هەرگیز لەو باوەڕە دانیم نەك تەنێ لە کوردستان ، لە هەموو جیهاندا میدیایەك هەبێ سەربەخۆ.

کەناڵەکانی میدیا یان سەربە حزبێکن ، یا کۆمپانیایەك یا گروپێکی بازرگانی دیاریکراو یان سەرمایەدارێك کە لە ڕووی دارایییەوە پشتی دەگرێ و بارووبووی دەکا ، یان زۆرجار هەنگە سەر بەلایەنێکی هەواڵگریی یا سەربازی یا دەوڵەتی یان هتد هەندێ جار سەر بەدەوڵەتێکی ئیقلیمی یا هەر دەوڵەتێکی دی بێ بەرژەوەندیەکی تایبەتی ، یاخود لایەنێك یا دەزگایەك لەو دەوڵەتە… تەواوی کەناڵەکانی میدیای دونیایێ لەو بازنەیە ناچنە دەرەوە ، ئەگەر نموونەیشت ویست ، سەیری کەناڵی (الجزیرە) لەقەتەر و (العربیە) و (الحدپ) و ڕۆژنامەکانی (الحیاە) و (الشرق الاوسگ)ی عەرەبستانی سعوودی و (العالم)ی سەر بە ئێران و کەناڵە ئیتاڵیەکانی سەر بە سەروەزیرانی پێشوو بەرلسکۆنی و میدیاکانی (مەردۆخ) لە بەریتانیا و شوێنی دی.
تەنانەت (BBC) عەرەبی و فارسی و زمانەکانی دی کە زۆرجار وەکو نموونەی سەربەخۆ و بێلایەن باسیان دەکرێ ، هەرچەندە باروبوو لە حکوومەتی بەریتانیا وەرناگرێ ، لەکاتێکدا سەرەتا لەلایەن چەند کۆمپانیایەکەوە دامەزراوە ، ئێستا لە ڕێی ئەو باج و دەرامەتەی لە هاووڵاتیانی وەردەگرێت بەڕێوە دەبرێ ، کە ئەویش بڕگومان دەوڵەت بە پێی یاسا و ڕێسایەك ڕێکی خستووە…

ڕاستە BBC تا ڕادەیەکی نکۆڵینەکراو بابەتایەتی و پیشەییایەتی لە هەواڵ و پڕۆگرامەکانیدا پاراستووە ، بەڵام ئەویش کە (بە دڵی خۆ) سەر مەشق و نموونەیە زۆرجار بە بڕلایەنی هەڵسوکەوتی لەگەڵ هەندێ هەواڵدا نەکردووە و بە پێی بەرژەوەندی دەوڵەت (بەریتانیا) بە هەر بیانوویەك بێ ڕەفتاری کردووە بە تایبەتی لە بڕاوکردنەوەی هەواڵدا ، تەنانەت گەیشتووەتە ئاستێك ، هەر بێ نموونە BBC لەبەشی فارسیدا بە کەنداو دەڵێ (خلیج فارس) کە چی لەبەشی عەرەبیدا دەڵێ

(الخليج العربى)!
بۆجگه لەوەی زۆر هەواڵی مەترسیدار هەبووە لە زۆم و زۆری دونیایە و پێشێل کردنی (مافی مرۆڤ) لەلایەن هەندێ ژۆمی حوکمەوە ، کەچی چونکە بەرژەوەندی دەوڵەتی ئینگلیز لەگەڵ ئەو ژۆم یان ئەو دەوڵەتدا بووە ڕێگای نەداوە ، تەماشا دەکەین BBC ، یان خۆی لە بواردووە ، یاخود ئەگەر باسیشی کردبێ وەك دەڵێن لە ڕووی (إسقاگ فرچ)بووە ، واتە لە کێ خۆکردنەوە.

ئێمە کە BBC دەهێنینەوە لەو ڕوانگەوەیە کە باشترینیانە لە نزیك بوون لە پاراستنی بۆلایەنی و پەیڕەو کردنی پیشەییایەتیدا(21).
CNN یش کە بەسەربەخۆ ناسراوە و موڵکایەتی یە، ڕاستە لە ڕووی خۆرایی گەیاندن و پیشەییایەتی و کادیری پڕۆفیشناڵەوە ، ناوبانگی دەرکردووە ، بەڵام لای شارەزا و چاودێرانی میدیا وە کارکردنی ئەو کەناڵە بە تایبەتیش لە ڕووی ئاراستەی ستراتیژییەوە (ستراتیژیەتی ئەمریکا) شاراوە نییە(22). (CNN)یش دەچێتەوە ڕیزی ئەو کەناڵانەی ئیعتوباریان وەرگرتووە.

بەڵام کە بەوردی لێی بڕوانین زۆرجار ئەو جارە کەناڵانەیش بەهۆزی خۆرایی گەیاندن و کادیری پڕۆفیشناڵ و پیشەییایەتی لە کارکردن و تەکنیکی نوێ و بایەخ دان بە هەواڵ و ڕیپۆرتاژی سەرنجڕاکێشەوە لایەندارییان دادەپۆشن…
کەواتە ئەو میدیایەی بە (ئەهلی) خۆیان ناساندوە لەو کەناڵانەی بە کوردی پەخش دەکەن یان بۆاو دەکەنەوە نەیانتوانیوە بۆلایەنی خۆیان بپارێزن ، هەرچەندە کەناڵ هەبێن هەنگە زۆرجار توانیبێتیان (تاڵادەیەك) لایەنە ناکۆکەکان لەسەر پەڕەی ڕۆژنامە و بەردەم مایك و شاشەکانیان کەبکەنەوە، بەڵام بۆلایەنی یا سەربەخۆی بە تەنیا هەر لە کۆکردنەوە و بەرابەر ڕاگرتنی ڕایە جیاوازەکان نییە.

میدیای کوردی هەرچی بکا ، نەیتوانیوە لە ئاراستەی باروبووکەر بێتە دەرەوە ، بۆگومان کەسیش ئامادە نییە لەبەر ئاوێنە بوەستێ وجنێو بدا و بە پارەی خۆی تەشهیر بە خۆی بکا ، یان هەرچی نەبێ بەلای بەرژەوەندی خۆیدا نەشکێنێتەوە.
پاشان لێرەدا مەسەلەکە بە تەنیا هەر پاڵپشتی دارایی نییە ، بەڵکو پاڵپشتی گەلێك جار لە زانیاری پێدان و دەرفەتی دەستخستنی ڕیکلام و پەیداکردنی سپۆنسەریشدا دەبێ… چەندی میدیای سڤبەرە ، میدیای سڤبەر ئەگەرچی لە کوردستان ئەزموونکی تاڵادەیەك تازەیە ، بەڵام زۆر لە دەوڵەتان بە تایبەتی دەوڵەتە پارەدارەکان ئەوەیان تاقی کردووەتەوە و بەردەوامیشن بە نموونە کۆینی چەند کەناڵکی میدیایی

، ئینجا ڕۆژنامە یا گۆڤار یا کەناڵی تەلەفزیۆنی بۆ کە پێیاندا هەبێ و پەسنی کارەکانیان بکا و....تاد.

ژەمی سەدام حسین بەرچاوترین نموونەیە ، لە کێبڕکێی ئەو جۆرە میدیایە ، بە تایبەتی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی بە خاوەندارێتی دەزگایەك یا کەسێك لە پایتەختەکانی دونیادا دەردەچوون. چەندی میدیای سەبەرە لەکوردستاندا دوای شەڕی ناوخۆ سەری هەڵدا لەم ڕاستەشدا پیشەی ڕۆژنامەنووسیی لە پیشەیەکی ئامانجداری بەرپرسیار کرد بە پیشەیەك بۆ بژێوی و دەرکەوتنی خەڵکانێك کە هەندێ جار ڕۆژنامەنووسیش نەبوون ! تەنانەت زۆر جار لێرەو لەوێ هەوێ هەبووە لە سپێکردنەوەی ڕەش و ڕەشکردنەوەی سپی …
سەرەڕای ئەوەش میدیای پاش ڕاپەڕین کە ئێمە باسی ئەو میدیایە دەکەین دوای شەڕی ناوخۆ و ململانێی لایەنەکان سەری هەڵدا بە میدیای ئەهلی و سەبەریشەوە کە زۆرجار میدیای لایەنەکانیشی بەو ئاراستەیە ڕاکێشاوە ، درێغیان نەکردووە لە بژاوکردنەوەی کولتووری بەکاربردن (استهلاکی) و بەلاڕێدابردن و خوردبوونەوەی شاش و درشت ، بە هۆی بەرنامە و درامای لاسایکاری خراپی و دەبژاڕکراوی نامۆ بە کێمەی کوردەواری کە ئەگەرێك بووە لە کاڵ کردنەوەی ئینتیمای نیشتیمانی ، سەرەڕای ئەوەش کەناڵگەلێك (لێکاڵی و سەتەلایت) دەرکەوتوون بەوەی هەر بە نموونە خۆیان بە داکێکیکاری ئافرەت و ژنان ناساندوە ، کەچی هەمیشە دەبینین زوومی کامیراکانییان ووە لە جەستەی ئافرەت و ژیانی زۆر تایبەتیەتی ، بە ماپەڕەکانیشیانەوە ، ئەگەر باسی ئەو یکلامانەیش نەکەین کە بەهەمان ئاراستە بژاوەکرێنەوە.
لەلایەنی هەڵبژاردن و دانانی بەرنامەی ڕۆژانەشدا شتێك لە میدیای کوردیدا نابیندرێ بیر لەوە کرابێتەوە چ فلیمێك یا دراماێك دەبێتە هۆی بژاوبوونەوەی توندوتیژی یا لاوازکردنی ئینتیما بە تایبەتی لای نەوەی نوێ ، کەچی کێ و سیمینار لەبارەی ئەو مەسەلانە لەووپەی لاپەڕە و بەردەم مایك و شاشەکانییان ناپسێنەوە !!

ماویەتی

-_____

ئاماژە و پەراوێز
20 – نەژاد عزیز سورمێ- درەختی بنکێ کراو – پەنجەنمایەکی ڕۆژنامەنووسیانە بۆ باری ڕووناکبیریی و کولتووری کوردی – 1975 – 1994 – چاپی دووەم – 2006. بڕوانە لاپەڕە (36)، هەروەها لاپەڕە (46).
21 - بۆ ڕوونی و زانیاری زیاتریش لەبارەی BBC لەم ڕووەوە

بەوانە- محمد الرمیحی – (دکتۆر)- بئس قسم الـــBBC العربی- ژنامەی (الشرق الاوسگ) ژمارە 13024 لە 26/7/2014، لاپەڕە 13.
22 -لەووداوەکانی 11ی سێپتەمبەردا ، حکووومەتی ئەمریکا CNNی ئاگادارکردەوە لە قەدەغەکردنی بڕاوکردنەوەی لاشەی قوربانییان ، وەک بەشێک لە ئیجرائاتی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە پاراستنی ئەوەی پێی دەگوترێ (ئەمنی قەومی).

هونەری پەروەردەی منداڵان ... رەزا شوان

کوردیلە شیرین و چاوگەشکانی ئەمماان.. هیوای داهاتووی کوردستانن.. بەنرختریین سامان و سەرمایەی گەلەکەمانن.. کە لە سامانی نەوت و زێڕ و لە هەموو لە سامانێکی تریش زۆر گرنگترن و بەنرختترن.
لە هەموو جیهاندا و لە هەموو سەردەمێکدا، منداڵان هەمای جوانی و بەتاوانی و دڵپاکی و راستگۆیین، ئەوەی کە لە دڵیان دایە هەر ئەوەیە کە لەسەر زاریان دایە.. جیهانی منداڵان جیهانێکی زۆر سەیر و سەمەرە و پاک و بێگرد و بە تەمە.. جیهانێکی بە فۆفڕ و بە پێچ و پەنایە.. منداڵان رق و کینە و بوغز و دوژمنایەتی نازانن.. درۆ و دڵەسە و هەڵخەڵەتاندن نازانن.. جیهانێکی زۆر سادە و ساکاری خاکییان هەیە.. جیهانێکی وەنەوشەیی پڕ لە سەز و لە ڕەز و لە خۆشەویستی و خۆشبەواییان هەیە.. جیهانێکی پڕ لە رازی شیرین و لە نیازی پاک و لە خەیاڵی فراوان و لە خەون و لە هیوای سەوز و لە گۆشبەنییان هەیە.. جیهانێکی پڕ لە زەردەخەنەی ناسک و پێکەنینی شیرین و لە بەزم و ڕەزم و یاری و خۆشییان هەیە.

پەیستە گەورەکان بەر لە ئازادی منداڵان نەگرن و، ئەم جیهانە خۆشیان لە تاڵ نەکەن و لەیانیان تێکنەدەن.. بەگومان خۆشترین قەناغ لە ژیانی مرۆڤدا قەناغەکانی منداڵین.
ئامانج لە پەروەردەی منداڵان ئەوەیە کە یارمەتی منداڵان بدەین، بۆ ئەوەی بە دروستی گەشبکەن و بە جوانی پێبگەن و بە باشی ڕەفتار و هەڵسوکەوت بکەن و، کەمایەتی بن و، کەستیی دروستی بەوا و

متمانە بە خۆیان لەبەنە ئاراوە، بتوانن پشت بە توانا و بە بەهرەکانی خۆیان ببەستن و، هەست بە بەرپرستی بکەن و، پێویستدبن بە بەها جوان و پیرۆزەکان و، بە دەستوورەکانی ژیانەوە.. دووربکەونەوە لە شتە نەرێنییەکان و نزیک ببنەوە لە ئەرێنییەکان.. تا لە داهاتوودا ببن بە تاکی دروست و سودبەخشی کۆمەڵگاکانیان.. زەربەی تیرە پەروەردەییەکان بە ئەم ئاماجانە هاتوونەتە کایەوە.

(جۆن دیوی) دەڵێ: "منداڵ ئەو خەرپەیە کە هەموو دەزگا پەروەردەییەکان بە دەوریدا دەسووڕێنەوە.."
پەروەردەی منداڵان، هونەر و زانستییە، ئەرکێکی یەکجار گرنگ و پیرۆز و هەستیارە.
(ئەفلاتوون) دەڵێ: "هونەرێکی تر بوونی نییە کە لە پەروەردە بەرزتر و پیرۆزتر بێت"
